بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە www.livsmedelsverket.se Livsmedelsverkets webb.

ئەگەر پرسیارێکتان هەبێ دەتوانن پێوەندی بکەن بەم شوێنەوە: Kontaktcenter, telefon 021- 39 00 00

Produktion: Västerås stad, Servicepartner 838568 2016-12

VÄSTERÅS STAD

Miljö- och hälsoskyddsförvaltningen
www.vasteras.se

## جرۆجانەوەر پێویستە دوورخرێنەوە

پێویستە شوینەکە وا دروستکرابێ کە جرۆجانەوەر نەتوانن بێنە ناوی. ڕێگایەکی باش بۆ دوورخستنەوەی جرۆجانەوە بریتییە لە مامەڵەی گونجاوە لەگەڵ پاشەرۆک.

## گەرما

ئێوە بەرپرسن کە بەرهەمە خواردەمەنییەکان لە گەرمای گونجاودا ئەمبارکرێن.

چێشتی دروستکراو کە دەبێ ساردکرێتەوە، پێویستە بە زووترین کات سارکرێتەوە.

## زانیاری سەبارەت بە بەرهەمی خواردەمەنی و نیشانکردن

بنەمای سەرەکی ئەوەیە کە خۆراکی بەستەبەندی کراو دەبێ بە روونی ناوەرۆکەکەی نیشانبکرێ نیشانکردن بۆیە گرنگە کە مشتەری بزانێ چی دەکڕێ.



## زانیـــاریی گـرنگ

وەکوو خاوەن کۆمپانیای بەرهەمەکانی خواردەمەنی زۆر گرنگە کە ئێوە زانستتان هەبێ سەبارەت بە مادەی پەتا هەڵگر، ڕێگاکانی بڵاوبوونەوەی پەتـا، پاکوخاوێنیی شەخسی و ئەو ماددانەی کە حەساسیەت دروستدەکەن. هۆکارێکی ئاسایی بۆ ژەهراویبوون کەمایەسیی زانستە سەبارەت بۆ پاکوخاوێنڕاگرتنی بەرهەمەکانی خواردەمەنی. ئێوەی خاوەن کۆمپانیای بەرهەمەکانی خواردەمەنی بەرپرسن لەوەی کە هەم خۆتان و هەم فەرمانبەرەکانتان زانیاری تەواوتان هەبێ. هیچ مەرجێک دیارینەکراوە بۆ پەروەردەیەکی تایبەتی لەم بووارەدا.

## هەڵگـــرتن

لەبیرتان بێ کە پێویستە بۆ هـەڵگـرتنی خواردەمەنی و کەلوپەلەکان جێگاکە بە ئەندازەی پێویست گەورە بێ.

کەلووپەلەکانی خاوێنکردنەوە پێویستییان بە شوێنێکی جیا هەیە بۆ ئەوەی شوێنەکە پیس نەکەن. هەڵبەتە خۆڵ و خاشاکیش دەبێ جێگای ڕاگرتنی تایبـەت و شوێنی خۆی هەبێ.

## شـوشـتنی قاپ و کەوچک و خـاوێنکردنەوە

قاپ و کەوچکی پیس دەبێ جێگای تایبەتیی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی قاپ و کەوچکە خاوێنەکان پیس نەبنەوە.

## ئەمانە بۆ هەموو کۆمپانیاکانی بەرهەمی خواردەمەنی ئیعتیباریان هەیە

### بەرپرســـایەتی

خاوەن کۆمپانیا بەرپرسە بۆ ئەو بەرهەمە خواردەمەنییانەی کە خۆی بەرهەمی دێنێ، دەیگوێزێتەوە، دیخاتە عەمبارەوە یان دەیفرۆشێ. بۆ نموونە ڕەچاوکردنی ڕێساکان سەبارەت بە ئاسایش و نیشانکردن.

تۆ بەرپرسی لەوە کە شوێنەکە وا شکڵ و فۆرمی پێدرابێ کە گونجاوبێ بۆ چالاکییەی تۆ.

### کۆنترۆلکـردنی چالاکییەکانی خۆ

کۆنترۆلکردن سیستمێکە بۆ ئەوەی ئێوە دڵنیابن کە وا چالاکییەکانی ئێوە مەرجەکانی یاسا بەڕێوە دەبا و ئەو خۆراکەی ئێوە دەیفرۆشن جێگای دڵنیایی یە. ئێوە پێویستە رۆتینی دیاریکراوتان هەبێ سەبارەت بە ئەوەی کە دەبێ چی بکرێ و چۆن بکرێ.




ڕەنگبێ پێویست بێ ئێوە بۆ شتی تریش ئیزن وەرگرن، بۆ نمـوونـە:

- فرۆشتنی ئەلکۆل و فرۆشتنی بیـرە.
- فرۆشتنی سەرجادە و فرۆشتن لە دەرەوەی شوێنەکە
- کالای مەترسیدار بۆ ئاگرکەوتنەوە و ئامرازی ساردکردنەوە
- ئیزنی دروستکردنی خانووبەرە، گەیاندنی ئاو و دروستکردنی ئاوەڕۆ
- لابردنی چـەوری، کۆنترۆلی هـەواکێش، پاککردنەوەی سووتوو و خۆڵەمێش
- کۆکردنەوەی زبڵوزاڵ، جیاکردنەوەی پاشەرۆک، پاشەرۆکی مەترسیدار
- دووبارە بەکارهێنانەوەی بەستە و قوتوو



## ئێوە چـۆن کۆمـپانیـایـەکی بەرهـەمـی خواردەمـەنی دەدەمەزرێـنن

کاتێک بتانەوێ کۆمپانیایەکی بەرهـەمی خـواردەمـەنی دامـەزرێنن، بۆ نموونە کافـەیـەک، دووکانێکی بـەرهەمی خواردەمەنی یان پیتزا فرۆشییەک پێویستە ئەم کارە بە کارگێڕیی ژینگە و پاراستنی تەندروستی واتـە miljö- och hälsoskyddsförvaltningen ڕابگەیەنن.

١٤ رۆژ دووای ئەوەی داخوازنامەکەی ئێوە بە دەستی ئێمە گەیشت ئێوە بۆتان هەیە چالاکییەکەتان دەستپێبکەن. کە دەستتان بە کار کرد ئێمە سەردانتان دەکەین.

ئێوە دەبێ مـزەیەک واتە پارەیەکە بدەن بۆ ئەوەی کە ئێمە داخوازنامەکەی ئێوە وەردەگرین و کۆمپانیاکەتان تۆمار دەکەین. ئێوە هەروەها دەبێ مزەیەکی ساڵانەش بدەن بە بۆنەی ئەوەی ئێمە ئیشوکارەکەی ئێوە کۆنترۆل دەکەین.

بێجگە لە یاساکانی بوواری بەرهەمی خواردەمەنی چەندین یاسا و فەرمانگەی تریش هەن کە کاتێ ئێوە کۆمپانیایەکی خواردەمەنی دادەمەزرێنن و بەڕێوەی دەبەن مەرجتان بۆ دیاریدەکەن. دەزگای باج ودەزگای کۆمپانیاکان واتە Skatteverket و Bolagsverket. ئەم دوو فەرمانگەیە پێکەوە بەشێکی خزمەتگوزارییان هەیە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکەی ئێوە.

# ئێوە چـۆن کۆمـپـانـیـایـەکـی بـەرهـەمـی خـواردەمـەنـی دەدەمـەزرێـنـن

